**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١١**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/٩/٢٢**

« بڕیار »

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەل
ژمارەی بڕیار: ١١
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/٩/٢٢

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٩/٢٢ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یەکەم: هێنانەکایەی ئەم پارێزگایانەی خوارەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە هەمان سنووری ئیداری ئێستای قەزاکان.

| ناوی پارێزگا | ناوەندی پارێزگا |
|---|---|
| ١ـ پارێزگای سۆران | سۆران |
| ٢ـ پارێزگای ئاکرێ | ئاکرێ |
| ٣ـ پارێزگای بیتوێن | ڕانیە |
| ٤ـ پارێزگای هەڵەبجە | هەڵەبجە |

دووەم: دەسەڵاتی گۆڕین و دیاری کردنی سنووری ئیداری هەر یەک لە پارێزگاکان و ڕێکخستنی نەخشە پێویستەکان بە ئەنجوومەنی وەزیران دەسپێردرێ.

سێیەم: لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

دوای سەرهەڵدانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و پێک هێنانی حکومەتی هەرێم و دوای ئەوەی گەلی کوردستان بوو بە خاوەنی ئیرادەی ئازادی خۆی و بڕیاری نیشتمانی بۆ پتەوکردنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ و لەبەر ئەوەی پارێزگاکانی ئێستا ڕووبەرێکی فراوانیان داگرتووەو ڕۆڵەکانی هەرێم ژمارەیان زیادی کردووە، وە بۆ ئەوەی سیستمی ئیداری بە جۆرێک ڕیک بخرێ کە لەگەڵ شێوازی نوێی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی تر بەڕێوە بچێ و خواست و ئارەزووی ڕۆڵەکانی کوردستان بهێنێتەدی و بۆ ئەو قوربانییە مەزنانەی ڕۆڵەکانی ئەم پارێزگا نوێیانەو ئاسانکاری بۆ پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری، ئەم بڕیارە یاساکاری کرا.